

باڵداری فلامینگو لەقلەقی سوور لە دورگەی جربە

..........





دورگەی جربە لە سەر نەخشەی تونس

..........







وێنەی سەناگۆگای الغريبە یەهوودی یەکان لە دورگەی جربە

# جربە دوورگەی گەشتوگوزار

دەڵێن رۆژانە فرۆکەیەک لەو دورگەیە دادەبەزی و گەشتیاری فەرەنسی ،ئەڵمانی ، ئیتاڵیایی ،ئینگلیزی و وڵاتانی تر بۆ گەشتوگوزار دەهێنێتە ئەو دورگەیە .جگە لە گەشتیاری پشووی هاوینە ، لە مانگی مای[ئایار] دەبیتە دورگەی یەهوودیان . رۆژانی 15و16ی مایو{ئایار} یەهوودی یەکان بۆ حەج کردن دەچنە زیارەتکردنی پەرستگای غریبە{المعبد الغريبە}. یەهوودی یەکان لە سەرتاسەریی جیهان بە گشتی و لە ئیسرائیل بە تایبەتی زیارەتی مەزارگای[الغريبە] کە کونترین سەناگوگایە دەکەن .ئەو یەهوودیانە بۆ بەختی خەڵکی {جربە} لەو دوورگەیە ئەو [سەنەگوگا]یەیان دروست کردووە، کە بۆتە خێروبەرەکەتی داهاتێکی زۆر و بازرگانی بۆ خەڵکی

تونس بە گشتی و خەڵکی جربە بە تایبەتی . ئێستاکە نزیکەی 1500ـ2000 یەهوودی ماوە و لە تونس و جربە دەژین ، جاران نزیکەی 100 هەزار یەهوودی لە تونس دەژییان بەڵام زۆربەیان کۆچیان کرد بۆ ئەوروپا و ئیسرائیل ،تونسیان بەجێ هێشتووە .دەڵێن پاڵەوانی {ئودیسە} کە بە ئودیسیوس بەناوبانگە لە دوورگەی جربا یان [جربە]یا[الجربە] لەناو لمە سپیەکەی قەراغی دەریا حەساوەتەوە.پاش ئەو هەزارەها ساڵە گەشتیاری جیهان جارەکی تر لەو دوورگەیە دەحەسێتەوە و لەگەڵ باڵداری فەلامینگۆ{لەقلەقی سور} یەکتریان گرتۆتەوە . گەلێک لە نووسەرانی جیهانی باسی ئەو دوورگەیەیان کردووە لە مانە {ئەندریە جید}ی فەرەنسی و نووسەری تونسی {محمد المرزوقی}. ئەو دوورگەیە کەوتۆتە خوارووی رۆژهەڵاتی تونس و بە دارخورما و دار زەیتوون داپۆشراوە.تێرۆریستەکانی {القاعدە} بۆ تۆقاندن و ترساندنی گەشتیار ویستیان خەڵکی ئەو دورگەیە برسی بکەن و زیاتر لە 35000کرێکار و کارمەند بێکار بکەن ، کاتێک لە 11ی ئاپریلی 2002 مەزارگەی یەهوودی یەکان [سەنەگوگا]یان تەقاندەوە. 21 گەشتیار کوژرا لەوانە 14 گەشتیار ئەڵمانی و 5 تونسی و 2 فەرەنسی بوون . نزار نوار{نزار بن محمد نصر نوار} تیروریستەکی تونسی بوو کە لوری یەکەی تەقاندەوە. [بلقاسم نوار] کە هاوکاری تیروریستەکان بوو دادگا بە 20 ساڵ زیندانی حوکمی لۆ براندەوە و ئەو تیرۆریستە ژنی هیناوە و خاوەنی 4 منداڵە .پاش ئەو روداوە ، ماوەی شەش مانگ ئەو دوورگەیە برسیی کرا و هیچ گەشتیارێک نەوێرا رووی تێبکات ، خەڵکی بەگشتی دژی کردەوەکەی القاعیدە وەستا و ریسوای کرد ، ئەوەی جێگای سەرنجیشە ئەو دورگەیە زیاتر پارێزگاری لە داب و نەریتی خۆیان دەکەن و ژنانیان خۆیان دادەپۆشن و بە جلەوە مەلەوانی



دەکەن و لە رووی ئاییینیش زیاتر دیندارن و گەلێک مزگەوتی کۆنیشی تێدایە . شوێنێکی تریش بۆ گەشتیار جێگای سەرنجە ئەویش مۆزەخانەی [قلالە]یە ئەو کەلوپەلانەی لەخۆی کۆکردۆتەوە کە لەو دوورگەیە دۆزراوەتەوە. گەرەکی [حومە السوق] ناوجەرگەی دوورگەی جوربە یە و بە پایەتەختی دوورگەکە دادەنرێت و رۆژانی پێنجشەمە و دووشەمە بازاری لێدەکرێتەوە و خەڵکی بۆ شت کرین رووی تێدەکات و شان بەو بەشانی یەکتر دەکەوێت . جارجارە بازارە دەگوترێت لیبی ، گوایە زۆربەی کەلوپەلەکان لە لیبیا دێت . جگە لەو گەرەگە گەرەکی [میدون و آجیم]یش بە گەرەکە گەورەکانی دوورگە دادەنرێت. لە گەرەکی [الریاض] کۆڵانی جوولەکە هەیە و هەتا ئەمڕۆکە یەهوودی تیدادەژی و کۆڵانەکانی گەلێک تەسکە و ئوتومۆبیل ناتوانی پێیدا دابڕوا ، هەروەکو کۆڵانە تەسکەکانی {تەنگەکانی} قەڵای هەولێری خۆشەویستە. ئەگەر شارەزایانی شوێنەواری کۆن بەراوردی ئەو کۆڵانانە بکەن رەنگە بگەنە ئەو بیروڕایەی کە هەموو ئەندازەکان بە یەک شێوە دروست کراوە . هەندەکیش لە یەهوودی یەکان لە [الحارە الکبری]و[الحارەالصغیرە] دەژین .بەشی زۆربەیان کاری زێرەنگەری دەکەن گوایە زۆر دەوڵەمەندن . خۆیان بە تونسی دادەنێن و هەروەکو تونسیان رەفتار دەکەن و شاگردی موسڵمانیشیان هەیە .




کاتی خۆی سەرۆک حەبیب بورقیبە{الحبیب بورقیبە 1903/8/3 ـ 2000/4/6} بازرگانی بەناوبانگی یەهوودی [باروخ]ی کردە وەزیری گەشتوگوزار{السیاحە}.ئێستاکەش لە حکومەتی {زین العابدین بن علی 1936/9/3} یەهوودی [روجیە بیزمیت]ئەندامی ئەنجوومەنی راوێژکارانە .
بەربەرەکان زمانیان {الشلحە}یە و هەتا ئەمڕۆکە بەکاری دەهێنن .لە پاش ئەوەی ئایینی ئیسلام بڵاوبۆوە و لە دوورگەی عارەبی هاتەدەر ، {رویفع بن ثابت الانصاری} ساڵی 60 هیجری ئەو دورگەیەی داگیرکرد.
بۆ گەشتیاران قاوەخانە و چێشتخانەی زۆر لەو دورگەیە کراوەتەوە و خواردنی جۆراوجۆر هەیە ، خواردنەکانی جربە بریتین لە {الزمیطە..الکسکسی..الحسو..العیش..البسیسە}یە.

ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 120هەزار کەسە، بەلاّم لە سەرتاسەری تونس خەڵکی هاتوون بۆ کارکردن . پیّوانەی 530 کیلومەترچوارگۆشەیە. لەناو سەنەگۆگا ئەو کابرایەی کلاّو و چەفیە{لیّچەک} دابەش دەکات ناوی حاجی هادی مسعود{الحاج الهادی مسعود}تەمەنی 67ساڵە و موسڵمانە .هەریەکیّک زیارەتی ئەو پەرستگایە بکات دەبیّ سەری داپۆشی ، دیارە ئەو لەچەک و کلاّوە لەسەرەتادا رەوشتی یەهوودی یەکان بووە بۆیە هەتاکو ئیستاکەش بەکار دەهیّنریّ . گۆرانی بیّژە یەهودی یەکانی تونس راوول جورنو..جبيبە مسکیە..لیلی سفار..فریتنە درمون..عاشیر میزراهی..الخلفاوی..الشیخ العفریت سالاّنە لەو دوورگەیە ئاهەنگ دەگیّرِن . فرۆکەخانەی {جربە جرجیس الدولی} دەکەویتە 9 کیلومەتر لە حومە السوقی پایەتەختی دورگەکە دوورە و نزیکەی ملیونیّک و نیو گەشتیاری تیدا سەفەر دەکەن و لەزۆربەی پایەتەختەکانی جیهان گەشتیار دەگوازیّتەوە . ئیّستاکەش کاری تیّدا دەکەن بۆ فراوان کردنی . ئەو کەسانەی لە کۆگا و بازار و دەکان و قاوەخانەکان کار دەکەن بە زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتاڵی و ئینگلیزی و چیکی قسان دەکەن و مامەڵەت لەگەڵ دەکەن . بەشی زۆربەیان خویّندەواریان کەمە بەلاّم لەو زمانانە شارەزان و لەبەر ئەوەی پیشەی رۆژانەیان دیداری کردنە لەگەڵ گەشتیاران زۆر بەباشی فیّرە زمانەکان بوونە. خەڵکی ئەو دورگەیە لەگەڵ بیّگانە رەفتاریان چاکە و بە زۆری قسەت لەگەڵ دەکەن و حەز دەکەن پرسیار و زانیاریت لیّوەربگرن.بۆ گواستنەوەی گەشتیاران تاکسی هەتا بەیانی کار دەکات.

فــەهــد گــردەوانــی2006/9/14جربە/تونس